# سادەمازەخییەتی سیاسەت و کەمەگەی کوردی.. شوان عەباس بەدری

بەگومان گەر بە وردی لەو قەیرانانەی کە بەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتووە بروانین و جیا لە خوێندنەوەی سیاسی ئەوا خوێندنەوەیکی دەروونناسیانەیان بە بکەین ئەوا بەمان روون دەبێتەوە کە زەربەی قەیرانەکانی ئێستا ، لە دەرئەنجامی کەلەرەقی و روانینە کورتبینەکانی بەرپرسە باکانی ناو سیاسەتی کوردییەوە هاتوونەتە ئاراوە ، بە واتایەکی تر زەرجار سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی عەقڵکی خێڵکی ووشک و بەرژەوەندییە بەرتەسکە حزبایەتییەکانی خۆیان بە بگۆدانە ئەو دەرئەنجامە مەترسیدارانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا هەم یەخەی خۆیان و حکومەتەکەیان و هەم یەخەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بگرێت، هەنگاوی هەڵەیان هەڵهێناوەو دوابەدوای دروست بوونی قەیرانیش هەڵەیان بە هەڵە پەردەپێش کردووە .

لە ئێستادا گەر بروانینە سنووری جوگرافیایی هەرێمی کوردستان ، ئەوا دەبینین سنوورەکە کە تا بینا قاقای لە ناو چەندین قەیرانی قووە و مەترسیداردا نوقم بووە ، هەر لە بەزاری خێڵک لەبەرامبەر بەرپرسان و کاربەدەستانی هەرێمەکەوە بگرە تا دەگاتە هەرش و بوردوومانکانی وڵاتانی چواردەور و ملیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران و هەڕەشاندنەوەی تەبایی کەمەگە و خەزان و چەندین قەیرانی هەمەجۆری دیکە.

هەرچەندە لە ئێستادا بەڵای خێڵکی هەرێمی کوردستانەوە کێشەی مووچە و پێنەدانی مووچە و بەبارمتە گرتنی مووچە لەلایەن پارتەکی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە بە بیانووی نەناردنی برە پارەی تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە لەلایەن بەغدادەوە بەتە باس و خواسی سەرەکی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و سۆشیال میدیا و هەموو کونج و بناوانێکی ناو شەقامی کوردی و گۆڕە و بچووکی بە خۆیەوە مەشغوڵ کردووە ، بەڵام لە ئێساسدا ئەم بابەتە تەنها بابەتە ڕووکەشەکەی قەیرانەکەیە و گەر پشت پەردەکانی ڕووداوەکان بخوێنینەوە زەر بە ئاسانی قەیرانە هەرە مەترسیدارەکەی ناو جوگرافیا بچووکەکەی هەرێمی کوردستانمان بە ئاشکرا دەبێت کە لەیەک

کاتدا هەم خۆی لە شەریکە بێشی گشت پارتە سیاسییەکان دەبینەتەوە پێکەوە، وە لە هەمان کاتیشدا هەوڵی سرینەوەی جەماوەری و قورسایی سیاسی هەندێک پارتی سیاسی ناو مەیدانی حوکمرانی و دەسەڵات و جڕە سادەمازخییەکی پەرەدیارە.

بە واتایەکی دیکە سیاسەتی کوردی لە ئێستادا سیاسەتێکی سادەمازخییە و لەلایەک بەرپرسان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان وای وێنا دەکەن کە هەموو هەوڵێکی خەیان لە پێناوی باشترکردنی ژیانی خەڵک و چارەسەری قەیرانەکانی هەرێم خستەتگۆ و لە هەمانکاتیشدا بە قامچییەک پشتی خەڵکیان بە خەمساردی و خەمی ئەوەی تەنها قسەی خەیان بچەسپێنن و پێشهات و چارەسەرکان تەنها بەو جڕە بێت کە ئەمان ئارەزووی دەکەن شەقار شەقار کردووە و بە بەرنامەیەکی تەکەم کەمەگەی کوردییان کردووە بە کەمەگەیەکی تا سەر ئێسقان مازخی.

بە واتایەکی تر خەڵک وەک کەمەڵە کێلەیەکی مازخی بەدەستەات لە ژێر ئازاری قامچی دەسەاتدار و خاوەنکانیان پشتی خەیان چەمانەتەوە و سوژدەی تەسلیم بوونیان بردووە و تەنها ماوە ماوە لەملاولا وەک نارەزایەتییەک بایکۆتک رادەگەیەنن یان لە بەرژەوەندی لایەنکی سیاسی لە دژی لایەنکەی تر بە ماوەیەک شەیکی هەمە رەنگ ئەنجام دەدەن و دوای ئەوەش هەریەکەو دەچێتەوە بە مالی خۆی .

گەر وابووات و خەڵک هەر بەم جڕە مازخییە بەردەوام بێت لە تەسلیم بوونی، رەنگە ماوەیەکی دیکە بەرپرسان ماوتسی تەنگ ئاسا بە ئارامکردنەوەی سادییەتە سیاسییەکەی خەیان شەشکی فەرهەنگی و ئابووری (جیا لە ئابووری سەربەخۆ ) هابگەیەنن و کارەساتی جڕگبەتر و گەورەتر بەسەر خەڵکە چەپەڵەدەر و سەرچەپی گرەکە بهەنن !

هەرچەندە ئەم بابەتی سیاسەتی سادەمازوخییە لە زەربەی وەاتانی جیهاندا لە قەناغێک لە قەناغە سیاسی و هەستیارەکاندا بە شێوەی جیاجیا دەرکەوتووە و باشترین نموونە بە ئەم بابەتەش سیاسەتە نەخوێنراو و کەلەرەقییەکانی جەمال عەبدولناسری دووەمین سەرەک کەماری میسرە کە لەسەردەمکەیدا ووەاتکەی بەرەو داماننکی تەواو برد و خەڵک و سوپا و ئابووری و جوگرافیای میسری لەناو ئاگردانێکی وادا سووتاند کە تا ئێستا دەرئەنجامکانی ئەو سیاسەتە هەڵە و سادییەتە سیاسییەی ماوەتەوە و دوای خەیشی ئەنوەر ساداتی جێگرەوەی بە رەگەی جڕاوجڕ هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بە سرینەوەی پاشماوە

سیاسییە ماوەرانکەرەکانی جەمال عەبدول ناسر، بەڵام نە تەنها نەیتوانی بەتەواوی ئەو پاشماوانە بسڕێتەوە بەڵکو خەیشی بە جۆرە لە جۆرەکان کەوتە ناو ئەو ئاگردانەوە و دواجاریش سەری خوارد .
لە کۆتاییشدا بەگومان گەر بڕپرسیانی ئەمەش ئەم بڕگە سادەمازخییەی بڕیان دانەکەنن و بڕگی چاکسازییەکی ڕاستەقینە و بە دوور لە هەموو بڕژەوەندییەکی تەسک لەبەر نەکەن ، ئەوا ئایندەی هەرەمەکەمان زۆر لە ئێستا خراپتر و نارووتر دەبێت و هەمووشمان دەزانین ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا تا سەر دەست و پشتیوانی هیچ ووڵات و لایەن و کەسێک نین و نابن و دواجار ئەوەی کە تیا دەچێت و دەفەوتێت تەنها خەڵکە هەژار و کەمدەرامەت و مووچەخۆرەکەیە!

---

# سەربازی ون.. کۆرتەچیرۆک/ ن/جەلال قادر

بڕی بەیانێکی ساردی مانگی نۆڕز بوو، نم نم باران دەباری، هەر وەک هەموو سپێدەیەک بڕەو چایخانەکەی بەردەم پێکەری (سەربازی ون) بەڵکەوتم. لەژێر کەپری چایخانەکە پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵانم بینی، ڕەشتاڵە و دەم و چاو وردیانە، کابۆیەکی شین و چاکەتێکی خاکی خەتخەتی لەبەردابوو، پەرداخێک چای بەدەستەوە بوو، خەڕا خەڕا مژی لە جگەرەکەی ناو قامکەکانی دەستی دەداو بە نیگەرانییەوە تەماشای ئاسمانی دەکرد. لەم ساتە پڕڕە هەورێکی ڕەش و نزم بە ئاسمانەوە کەچیان دەکرد. من لەژێر کەپرەکە دانیشتم، کابرای چایچی کە هەم ناسیاوەم و هاوڕێی منداڵیشمە، بە بە سڵاوکردن، بە بەدەنگی پیاڕە چایێکی لەبەردەمم دانا، سڵرم سووڕما، وتم : چییە؟ مام بەکر، سلاوکردنیش لە بیرچووەتەوە
تەماشایەکی کردم، بە قامکی ئیشارەتی بە شوێنی پێکەرەکە کردوو، وتی : نابینیت، نەتبیستووە، ئەمشەو پێکەری (سەربازی ون) دیارنەماوە
کاتێ سڵرم هەڵبڕی، واقم وڕماو حەپەسام. هەستامە سڵرپێ، پیاڕە چاکە لەدەستم بڕبووە خوارەوە
! کەواتە دەبێت دزرابێت_

نازانین. زەنگمان بە پۆلیس کردووەو چاوەڕوانین+
لە جگەی خۆم دانیشتم. لەدە خەمدا وتم : ئای لەم شارە وێرانە، بە تەنها ڕۆژێک مرۆڤ ناتوانێت بە ئارامی تیایدا بژێت
مۆفرۆزێک لە پۆلیس گەیشتنە شوێنی پێکدادەکە، بە وردی پشکنین و لێکۆڵینەوەیان دەست پێکرد
کابرای چاکێت خاکییە لەبەردەکە، بەدەنگەکی پە لەخۆم دەیگووت : لەپاش چەندین ساڵ ماندووبوون و نەخشەکێشان بە دروستکردنی پێکەری مرۆڤێکی قارەمان وبە تاوان و بە ناونیشان، ئەمڕۆ چارەنووسی بێت، سەیرە، وا چاکترە هەوومان کڕچ بکەین، ئەم شوێنە بەجێبهێڵین
هەستم کرد ئەویش وەک من دڵی تەنگەو تووڕەیە. پێمگووت : هەرچەند ئەو پێکەرە سمبوولی نەتەوەو نیشتمانمان بوو، بەڵام ئەمە نابێت بە هیچ کۆڵ بچین، دەبێت هەوڵدەین و بزانین ئەو پێکەرە کێ دزیویەتی، بۆچی دزراوە؟
کابرای چاکێت خاکییەکە، مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا، وتی : ولات وێران بووە، دەوڵەت و میللەت پەکەا دزن، ئەز لە شکەی نیشتیمان ناگرن. ئێستا وا سەرمانلێشێواوە نازانین دەستی تاوان بە کێ درێژکەین. کێ نایەت ئەم دزینە مەرامی سیاسی لە پشت نییە
پێمگووت :لەم مەملەکەتە هەموو ڕۆژێک کێ لە خەو بەدار دەبیتەوە، گوێ بیستی ڕووداوی سیروسەمەر دەبیت، دەبێت سەبر بگرین تا ڕۆژدەبێتەوە. بەڵام من سەرم لێوە سووماوە، ئەو پێکەرە زەر قورس و سەنگین بوو، دەبێت بۆچی گواسترابێتەوە؟
لەم کاتە چەند ڕۆژنامەنووس و کامیرەمان نزیک بە باخچەی پێکەرەکە گرد بوونەوە. داوای زانیاری زەرتریان دەکرد لە پۆلیسکان. وتە بژی پۆلیسی شار لەبەردەم مایکرۆفۆنەکان بەپێوە وەستا و کەوتە دواندن : بەداخەوە، دوێنێ شەو، بەدەستی ناحەزانی گەل، شوێنی پێکەری سەربازی ونیان ڕووخاندووە و پێکەرەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە. ئەمە بەردەوامین لە لێکۆڵینەوە، هەشتا زووە تا پێنجەی گومان ئاراستەی لایەنێک بکەین
ڕۆژنامەنووس: بەڵێ، ئاخۆ بە چ ئامڕازێک توانراوە ئەم پێکەرە بگوازنەوە؟
وتەبێژ : وەک وتم … لێکۆڵینەوە بەردەوامە، بەڵام زانیاری تەواومان لایە کە ئەم پێکەرە نە بە شەفە، نە بە تڕۆمبێلی بارهەڵگر گوازراوەتەوە
ڕۆژنامەنووس: کەواتە دەکرێت، بە هەڵی کەپتەر ئەم کارە ئەنجام درابێت
_ نازانین.
ئەم چاوپێکەوتنە زۆری نەکێشا، لەپاش نیو کاتژمێر لەدووڕەوە دوو

دوو، سێ سێ یان بەپێ گەنج و لاوانی شار لە فلکەو باخچەی پەیکەرەکە کەبوونەوە و دەنگی ناڕازی جەماوەر بەرزبوونەوە
سەرەتا پۆلیس هەوڵی دا گردبوونەوەکە ڕووندات، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەم کەبوونەوە بوو بە سروود خوێندن و ناڕازایی دەربڕین پۆلیسکان دەستدژێک تەقەیان ڕوو لە ئاسمان کرد. بەڵام گەنجەکان خۆنەگرم و بەتین بوون، جامی ئەتەمبیلی پۆلیسکانیان شکاند. پۆلیسکانیش لەترسا لەوناوە دوورکەتنەوە
لەشوێنی پەیکەرەکە، چەند دەپە خوێنەک ڕژا، گەنجە خەپیشاندەرەکان بە موبایلەکان وێنەی سەفی و بە کەمەڵ دەگەرت، وەک ئاوەی سەرکەوتنەکی مەزنیان ئەنجام دابێت
کابرای چاکەت خاکی، ئاخەکی هەڵکیشا و وتی : ئاخە دەبێت دیسان چ دەستەکی پیس هاندەری ئەم گەنجانەبێت، لەسەرەتاوە من بە دانانی ئەم پەیکەرە خۆشحاڵ بووم، نەمزانی ڕۆژێک دادەت خەکی قوربانییەکانیان لەبیردەچیتەوە
پەمگووت : برا تە زۆر خەراپ بیردەکەیتەوە، هەمیشە گەنج لە هەوڵی ژیانەکی نوێ و پڕ لەبەختەوەری دان، گەنج ئارەزووی دوا ڕۆژەکی ڕووناکە، بەڵام دەستە پیسەکان دەبن بە بەربەست لەبەردەم ئازادی و خۆشییەکانی ژیان
وتی : دەزانم، دەزانم... بەڵام هەرکات و ساتێک تیشکێک و ڕووناکییەک بەدی دەکەین، نازانم ئەم حەمکە بازرگانە سیاسیانە لە کوێوە دێن، دەست دەگرن بەسەر هەموو سەرکەوتنەکانمان. تەماشاکە نیوەی جەماوەرکە نازانێت بەچی ڕەرە کەبوونەتەوە
لەپاش دە خووەکەک چەند هەڵی کەپتەرێک بە ئاسمانی شارەوە دەرکەتن و گەیشتن بە شوێنی خەپیشاندەرەکان. ئاو گەرم و دووکەڵی غازی فرمێسکاویان ڕژاند بەسەر خەپیشاندەرەکان، ئەوانیش ناچار ئەوناویان چێ کرد

من و مام بەکر چایچی بە سواری ئەتەمیلەکەم گەڕاینەوە بەرەو ماڵ، گوێمان لە بۆڕی ڕادیەکە بوو چاوپەکەتنی لەگەڵ چەند بەرپرسێک ئەنجام دەدا : داوا لە جەماوەر دەکەین، دان بە خەیان بگرن، ئەمە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت لە گفتوگەکردندا ین

دوا چاوپەکەوتن لەگەڵ پیرەمێردێک بوو، بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد :
ئەوە نوێنەری ئەمە نین، لەگەڵ حکومەت تەر گوو بخەن
هەندێک جار لەکاتی ناخۆشی، مرۆڤ پەکەنینیشی دێت بە ڕووداوەکان. تووبەی کارساتەکانیش بووبن بە گاڵتەجاڕی!. هەر بەدەم ماشێن

لەخووەیندەوە لە مام بەکرم پرسی : ئەرێ ئەو کابرا چاکەت خاکییە کە بوو؟ پێزارەوخەمبار دیاربوو، گوتم هەبوو دەیگووت : پێکەری پیرەز نابەت بشوێندرێت
مام بەکر، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی : نایناسیت؟ ئەو پێکەرسازەکە بوو!

ن/جەلال قادر

---

# کەرت شوێتەرز- ئەو قەسیدانەی وەك قەسیدە دەردەکەون.. و : نەژاد عزیز سورمێ

(1)
ئەو هەژە
ئەو هەژەی
دەگەیتە تافی لاوی
کەچی هێشتا
یاری لەگەڵ
بووکەکەکەکە تدا دەکەی ..
تێیش
وێنەی هەموو فریشتان
وەك لە پێشدا کردووتە
وادەزانی
ئەوانە کیژی شەخن
وادەزانی
تێیش وەکو ئەوانی
کە جەڵە بووی ..
بەڵام ،
تە ئێستا پیری ،
سەرمات دەبێ
دەمری ..

(2)
ئاسکەکە لەرزی پێوە نووساوە
کە شێر دڕاندنن ..
وەختێ کەمتیار بێن دەکەن
ئاسکێکێ دڵەرزێ
بەڵام هونەر زیاتر دەبەخشێ .

(3)
قەسیدەیەکی لاڵ
کرمێك
بێ قولابکدا شەدەبتەوێ .
ماسییەك کرمەکێ دەگەزێ
قولابکێیش دەگەزێ ..
قولابکێ ماسییەکێ دەگرێ و
ئەوەتا ماسییەکێ ،
بێ قولابکەدا شەڕ دەبتەوێ ..
قولابکێ ،
ماسییەکێ لێ ئاو هاڵدەکشێ
ماسییەکێ لێ دەرەوەدا دەمرێ
قولابکێ ماسییەکێ دەکوژێ .

کرمێکی دی
بێ قولابکەدا شەڕدەبتەوێ ..
ماسییەکی دی
کرمێکی دی دەگەزێ و
ئەوەتا ژیانێکی نوێ
لێ نێو وەرانەدا سەردەردێنێ .

(4)
وەختێ ، کەسێ ، جارێ ، وتی

وەختێ ، کەسێ ،
جارێ
وتی :
کە برادەرێك جارێ وتی
کە برادەرێکی دی وتی :
من بێ برادەری سێیەمم وت
کە برادەری چوارەم وتی

برادەری پێنجەم وتی
کە برادەری شەشەم وتی
من جارێ وتووم
کە جارێ نەموتووە دڵەم
تا بە هەموو ڕاستگۆیەوە
بە هەموو برادەران بڵێ
کە من ڕاستێ وتووم
هیچم نەگوتووە .

(5)
بیری لێ بکەوە

چوار ڕەهەکەن
لەسەر بانەکدا وەستا بوون
یەکەمیان وتی (( ئەف ))
دووەم : (( کەواتە چەن دەگونجێ ))
سێیەم : (( ئەو بانە بەرگەمان بگرێ ،
لێ کاتەکدا.. ))
چوارەم : (( ئەو بانانەی
بە کاریتەن ناتوانن ))
لەو دەمەیدا
بان ڕما و کەوت
بینیت چەن ….؟

و : نەژاد عزیز سورمێ

- کەرت شویتەرز : ساڵی 1887 لە هانەڤەر لە دایك بووە . هونەری لە کەلیژی هونەرکانی دریسدن خوێندووە . بە شاعیرێکی ( دادا )یی دەناسرێ ، هەرچەندە ئەو شێوەیەکی پێدابوو بەوەی دژی بە سیاستکردنی دادا بوو .
- لە ماڵپەڕی (ئیلاف)ـەوە کراوە بە کوردی .
http://elaph.com/Web/Culture/2010/4/550176.html

# مشتۆ لە ئـــــازاری نـــــاو پریاسکەکە.. کێنعان مدحەت

چراکە کز بووەتەوە،
یا تانەی ماندوویەتیم لێ هاواوە؟
هەموشتێ،
کوڕە لە حەن ئاهەزیینە سپیکراوەکە
کابرای نمەک حەرام
هەبژێری پشت پەردە لەچدارەکە
خەی بە باگردێنی سەر ئیسک و پروسکم نازانێ و
بەردەوامە..

ئەم فریشتە نا پەردەییانە
لە نەردەی خوا ناچن
دوو کزە ئەستێرەی لە پرتە کەوتوویان پێ
لەیەکا ناتوێنرێتەوە

بە دەست تەقەقەی دوورمانەوە داماون
هەی کاکەشان تا قوڵایی ئاشتی
لە مین جممەیان دە
تا تەقی،
گوڵە قەیەکە
هەڵنەوەشێننەوە
(بەردی ئەلحەد)-یان پێ
ئاناماڵێیتەوە

بەرنامەکە،
بە پەی بەرژەوەندی و
حەزی داهێزراوە سەرسپیەکە
لەسەر دوندی سەنگەرما سەروقنگ هەڵواسراوە
ئەزموونەکە هیچی لە شارستانییەت و
پێشکەوتوویی نەکاندووە

سەرچەپیگران،
نەوەی هەر هەمان سەرچەپیگرانی پێشوون
گرانیەکانیش تەکنیەیەک لە فەلکلەر و ( هیپ هەپ )

وەک ئەو وایە بڵێی لە قورئانیشا هەیە و
تفت و تاڵی زۆرە..
بە خوێنەوار و نەخوێندەوار لێت کەبێنەوە
شەق و زللە..
چی نەبێ لە چاویا

دەن دەن..
_ بە پێ بینەوە_
براوەکانی لە خرایی تیشک،
بە پێلەتری خوارەوە
دەن، جە بە کەیک و سەفین..
تەسک کەنەوە

کەژە ئەکسجین لە باوەکە
هەر ژەهرە دوو ئەکسید و ژەهرە دەرەکی
لە نوقسانە..
( لەزان )_ە پێمانەکی تر
لەو نەوانە
بچێننەوە

پێیان بە باەوە نەهێشتووە
شنەش لە خەم زیاتر
لە هەز خراوە
چاوم بە نیشتنی،
کەلارە لە فەنەر ەووتکراوەکە هەیناوە و
چیشم لە دەست نایە!

سات لە دوای سات لە جێی میزەدان پفم تیا دەکرە
لە کەشتییەکی لەقەوماو دەچم
ئاراستەی چارەکەکەمم
لە دەست دابە
بە شێپەل و با ماوە لەنگەرگا و
چارەنووسم

ئێستا، پاسەوانیی،
بازاری زێ..
بە جمکانەکە سپەردراوە
گوایە بێزیان لە گورگ بە خزمەتترن

مارکێی کوردیی،
ورگ چۆری دەهێڵ تەشبین
دز، کەم، پێیان بوترێ
داک خۆ گۆش ناشێ بۆ سەردار

ئەو چراخانانەی، کارەبا،
بۆ دیقی خستوون و
بۆ یاری شەر و خەتوو گلاندوویانێتی
هەی دەگەڵتەوە،
بۆ چاوزەقکردن لێ بەرگر و تەمیکردنی قازی..
هەتا هەتایە چێشتیان کوڵ نەدا و
قەت قەتیش خەمیان پێ
تەقڵە نەکرێ..

دەبێ چۆن شەهیدت دابێ
چەند ئێشکەوت و
پاڵتاوەر..
لە ژێهرەباران پاراستبیتیان
وا ئێستا لە کێشکا..
کاری چاگەریان پێ ڕاسپاردووی؟
بەچکەکان بۆ پاسەوانی
کەژاوەی حەبیبێ و
کولانێ مریشک..
پەلیسانێ ڕابۆن
لەسەر حەپێ حەپ و
پاراستنی ناوگۆ و هەلکێ مریشک؟

لە دوای هەر بەهارێ چەخماخێ و هەورەتریشقەیەک
دەیان دەیان دەمڵان، خاک، شەقار دەکەن
زنجیر و پاوەن دەبەن..
پاش ئەو هەمو نەهامەتییەی پیا تێپڕیوم
ئەوسا و ئێستایش،
لە ترس سەگێ دان تیژکان
تۆی دەزخێ تاراوگەم پێ نابڕێ
دەنگی ناڕازایەتیم هەبەم

لە هەورازێ، بڕوو لە توراوکێ
کەلاوەسەنگەر

شۆنۆواری ناولێنراوێ
پێشمێرگێ،
پێشمێرگەی ناو شار
سەرەای ئاراستەی پێچوانێ و
بەرپرسیاریەتییەکەی!

تەواوی لەوێگایان لێ گاوان
قەدەغێ کردووێ
هەر مانگایێ و
کەتووەتێ بەێ بەێ
گاوان، ئەوەندەی خەمی خەیەتی
نیو ئەوەندەی خەمی مانگاکانی نییێ!

کاوێژکردن وەک مەدەل و ستایلی هێتاهێتا
جێختی لەسەر دەکرێ!
ئەوێ نییێ لەسەر داوای بازاری و بندیوار
چێپێێ بێ ( دەشین )ی زیاتر لێدەرێ
حەوسەێەی دەوێ،
هەر شتێ،
بخرێتێ ژیر بەندی فریاکەوتن و
لێ دەستورا جێگیرکرێ!

---

# سێناتای شاعیر.. ستیڤان شەمزینی

لەسەر دیوارێکی کێنی شاری بابل
بێ خەتێکی بزماریی نوسرابوو:
خەشەویستی خەی بێ شیعر دادپەشێ
چاو دەبەێتێ کەشتی عاتیفێ
بەسەر کەوی ئارەزوودا سەردەکەوێ
دەوانەیەک لەولاوێ پەیدا بوو
بێ قوەنگی دەستی

دڵکی تازەی هەکەی:
عەشق مەمەکە
لەو کاتەی بەناو تونێلی نوتەکی ژیاندا
ڕەت دەبین

---

شاعیرەکە عاشق ببوو
مەرکانەی بەتاڵی هەستی پێ دەکرد
لە گوڵە هەرەی خۆشەویستی
ئاگری لە لەشی شیعر بەرئەدا
لەسەر شوشەی شکاوی دڵ
سەمای ئەکرد
بەنی کەزی ژنەک لە ڕەحی ئەهات
بەدزی عەقڵەوڵ خەونی ئەبینی
نوکی قەڵەمەکەی تەفانەک بوو
لافاوی ماچی لەگەڵ خەی ئەهێنا
ئەمەش حکایەتی خەم نییە

---

پەدەچێت مردن سامناک نەبێت
ژیانیش هێندە زەحمەت نییە
هەموو شەوێک
مردن تاقی دەکەینەوە
هەموو ڕۆژێکیش ئەژین
خۆشەویستی ترسناکە
ئەوە نییە بە کەڵە لەی هەڵدەین!
ئەم چەرخە سیخنانە بە دڵەقی
دڵەقی پەستەکی جادوویی هەیە
فیشەکی خۆشەویستی نایبڕێ
ئاگری شیعر نایسووتێنێ
چەقۆی فرمێسک نایدڕێت

---

ژنەکان هەموو ڕووناکن
ژنەکان هەموو سپین
چەند سەیرە چارنووسیان ڕەشە!!

ژیان لەنێو ڕەحمیاندا هەڵدەگرن
دەستیان نییە لە پێلاماردانی باخدا
فوو لە مەمی خۆشەویستی ناکەن
ژنەکان هەموو جوانن
شاعیر حەیران بە ئەو جوانییە ئەچێت
پیاوان بە بڕسێی ئەو جوانییە سووتاون
لەناو مەحشەری هەموو ژناندا
شەخە ژنەکی زەر بە ئەقڕە
لە فارگەنی هەرە دواوەی
شەماندەفەری تەماندا
بە چاوە تاوسییەکانی
بە دوای منداد دەگەڕێ

---

٢٠١٨-١٢-٢٥
ئەڵمانیا – بیلەفێلد

---

# بەڵاغی کەتایی کەنفرانسی ( لە جینوسایدەوە بۆ ژیان)

بە دروشمی لە جینوسایدەوە بۆ ژیان، ڕۆژی هەینی ١٥/٣/٢٠٢٤ یادی ٣٦ ساڵەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقی لەناوچوو، لە شاری هەولێر و بە بەشداری ژمارەیەك لە توێژەر وچالاکوان و نووسەری بیانی و ناوخەیی و قوربانیانی جینۆسایدلە کوردستان، کەنفرانسێك بەناوی چوو، گفتوگۆیەکی تەر و تەسەل لەلایەن ئامادەبووانەوە لەسەری کرا و بەدواداچوون وئاگەکردنی زەری بابەتەکان، کەنفرانسکە دەوەمەند کرا. لەدەرئەنجامدا، کەنفرانس، ئەو ڕاسپاردانەی لای خوارەوەی گەیاند کرد وئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و کەمکاری وەتانی عەرەبی وکەمەگای نەودەوەتی و ڕێکخراوە جیهانییە تایبەتمەندکان کرد,

کە هەندێکی تایبەت بوو بە حکومەتی عێراقی فیدێرال.
1- پشت بەستوو بە بڕگەی یەکی ماددەی ١٣٢ دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، کۆنفرانس داوا دەکات حکومەتی عێراقی فیدێرال ، گرنگی زیاتر بە بریندارانی چەکی کیمیاوی بدات لە رووی چارەسەری پزیشکی و دابینکردنی داو و دەرمان.
٢- هەر پشت بەستوو بە ئاماژە پێکراوی بڕگە یەکی خاڵی یەك، داواکارین حکومەتی عێراق کار بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرجەم ئەو شوێنانە بکات کە چەکی کیمیاویانی لە دژ بەکار هاتووە لە کوردستان.
3- لە ڕێگای دادگا مەدەنییەکان ، پشت بەستوو بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانکاری عێراق ــ کە تاوانی کیمبارانی هەڵەبجەی بە جینوساید ناو ناساندووە .
4_داواکارین حکومەتی عێراق قەرەبووی شایستەی ماددیی و مەعنەوی خەڵکی هەڵەبجە بکاتەوە، وەکو قەرەبوویەکی مەعنەوی دەبە حکومەتی عێراقی فیدرال کە وارسی حکومەتی پێشووی عێراق، دەبە بەفەرمی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان و خەڵکی شاری هەڵەبجە بکات.
٥- داواکارین حکومەتی عێراقی لە ڕێگای دەزگای شەهیدانی عێراق پشت بەستوو بە یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٦، کار بە هەڵدانەوە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە بکات کە قوربانیانی کیمیابارانن و دوای ناسینەوەیان، لە مەراسیمی شایستەدا، بەخاك بسپێردرنەوە.
٦- دەبە حکومەتی عێراق بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە دامەزراندی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهان ناسراو بە (OPCW)و ئەو بەیارانەی کە لەو ڕێکخراوە دەردەچن جێبەجێ بکات، تاکو تاوانی هاوشێوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دوبارە نەبێتەوە.
٧- داوا دەکەین عێراق ئیمزا لەسەر ڕێکەوتننامەی بنەڕەتی رومای ساڵی ١٩٩٨ تایبەت بە دامەزراندنی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی (ICC) بکات و ببێتە ئەندام لەو دادگایە.
٨_ داواکارین حکومەتی عێراق هاوکاری کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بکات لە هەوڵەکانی بۆ دادگایی کردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە هاوکاری رژێمی لەناوچویان کردوە بە بەدەست هێنانی ئەو ماددە و کەرستانەی کە چەکی کیمیاوی پێ کردست کردوە.
٩_ دەبە حکومەتی عێراق کار بە جێبەجێ کردنی هەردوو بڕگەی ماددەی ١٣٢ی دەستوری هەمیشەیی عێراق بکات.
10_ کاراکردنەوە ئەو لێژنەیەی کە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە کابینەی بەڕێز"نوری مالکی" دروست کردبوو بۆ بە جیهان ناساندنی تاوانی جینوساید.
11- پێویستە عێراق پێویستە بڕیت بە هەموو ئەو هەنگاوەنانەی

جیهانیانەی پەیوەستن بە قەدەغەکردنی بازرگانی چەک، چەکی زیرەک و بەمبی فسفۆری و هەشیی و ئەتەمی و ... بە ئاوەی جارەکی دیکە رووداوی هاوشیوەی هەڵەبجە دووبارە نەبنەوە.
1. کار بکات بە ئاوەی ئاسمانی کوردستان بە گشتی وپارێزگای هەڵەبجە بە تایبەتی ئاسمانی ئاشتی بێت، هیچ فڕۆکەیەکی جەنگی بەی نەبێت پەیدا تەبپەڕێت.

**راسپاردنەکانی تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان**

1- داواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بە یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بدات و ساڵانە بودجەیەکی تایبەتی بە تەرخان بکات تاکوو بە شێوازی سەردەمیانە یاد بکرێتەوە.
٢- پەیوستە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کار بە بە نیشتمانیکردنی یادی کیمیابارانی بکات، هەروەک چۆن لە پەڕەوی ناوخۆیی وەزارەتەکەدا هاتووە، پەیوستە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ساڵانە یادەکی شایستەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٦/٣ بکاتەوە.
٣_ لەسەر ئاستەکی بەرز، حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بە بە جیهان ناساندنی تاوانی کیمیاباران و جینوساید، بکات.
٤_ گرنگیدانی زیاتر بە نەخۆشخانەی تایبەت بە کیمیاباران و دابینکردنی کەرەستە و ئامێری پزیشکەوتوو و پزیشکی پسپۆری تایبەت.
٥-دامەزراندنی سەنتەرەکی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە کیمیاباران تاکو توێژینەوەی زانستی لەسەر کیمیاباران بکات، بکرێتە سەرچاوەی زانیاری دروست.
٦_کارکردن بە سوراغکردنی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە وشادکردنەوەیان بە کەسوکاریان دوای گرتنەبەری ڕەوشەنە یاسایی و ئیداریەکان. لە کۆتاییدا، کۆنفرانس لیژنەیەکی بەدواداچوون بە گەیاندنی ئەو راسپاردانە بە لایەنی پەیوەندیدار و چاودێریکردنی جێبەجێکردنیان دەکات.

هەولێر ١٥ی ئاداری ٢٠٢٤

---

# پاشماوەی ئاتەشگایەکی ووخاو..
# شیعری شەماڵ بارەوانی

ئەگەر هاتی و من لەرێ نەبووم
لە بیابانی عەرعەر بەم بگەڕێ
من لەوێ
لەژێر کەپەبەی لمی بیابان و تەزی پستاڵی تەعریبدام
ئەگەرهاتی و ئەرە بەنی ئەنفال و خوێن و خەردەل و بەنازی لەدەهات
سەیرکی لاپەڕە دەاوەکانی ئاڤستا و فرمێسکی گاتاکان بکە
من لەناو پاشماوەی ئاتەشگایەکی ووخاوی زەردەشتدام،
بە شازدەی سێ
لەگەڵ پیری مەغان
خەریکی خوێندنەوەی یەسناکان و نـــــزام